**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**

**ژمارەی بڕیار:٥٢**

**رۆژی بڕیار: ٢٠٠٤/٩/٢٢**

## " بـــڕیـــار "

پشت بە حوکمی ماددەی(٤٤)لە یاسای ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)وماددەی (١٢)لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی– عیراق و، لەسەر داوای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٤/٩/٢٢)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم**: قبوڵکردنی ئەندامێتیی پاڵێوراو (عبدالکریم ابوبکر) لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراقدا لە جێگەی ئەندامی خوالێخۆشبو (محمد سعید یعقوبی).

**دووەم**: قبوڵکردنی ئەندامێتیی پاڵێوراو (نجاة یاسین) لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراقدا لە جێگەی ئەندامی خوالێخۆشبو (ابراهیم عبدالقادر دۆغرەمەچی).

**سێیەم**: ئەو دوو پاڵێوراوەی لیستی هەڵبژاردنەی سەرەوە. لە رۆژی (٢٠٠٤/٩/٢٢)دا سوێندی یاساییان خواردووە، لەبەرئەوە ئەندامێتییان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراقدا، هەر لەو رۆژەوە لەکاردا دەبێت.

**چوارەم**: پێویستە سەرۆکایەتیی ئەنجومەن ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار.

**پێنجەم**: ئەم بڕیارە لە رۆژی ئیقرارکردنیەوە رێکەوتی (٢٠٠٤/٩/٢٢)ەوە دەخرێتە بەرکار و لە (وەقایعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.کمال عبدالکریم فؤاد**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی ـ عێراق**